Kurdocide Watch CHAK Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# چاودێری کوردۆساید پشتیوانی لە دامەزراندنی دەزگای داواکاری گشتی و سەربەخۆیی دادگاکانی کوردستان دەکات

**سەربەخۆ نەبوونی سستەمی دادوەری لە کوردستان و نەبوونی دەزگای داواکاری گشتی و ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی قانونی داواکاری گشتی لە کوردستان لە لایەن پەرلەمانەوە ، نیشاندەری ئەوەیە کوردستان بەرەو ئاقاری چەسپاندنی سستەمی دامەزراوەیی و ڕزگار نەبوونی تۆمەتباران لە سزاو لێپرسینەوە ناڕوات.**
**ئێمە لە ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید پشتیوانی لە هەموو ئەو هەوڵانە دەکەین کە لە لایەن پارلەمانتاران و لیست و قەوارە جیاجیاکان و ماف ناسان و یاسا ناسان و دادوەرانەوە دەدرێت ،بۆ چالاککردنی سستەمی دادوەری لە کوردستان و ڕزگار کردنی لە گەندەڵی.**
**تا سستەمی دادوەری شەفاف و سەربەخۆ و دەزگای داواکاری گشتیمان نەبێت لە کوردستان ،ئەوا وەک ئیستا تاوانباران و تۆمەتباران بە سانایی لە دادوەری ڕزگاریان دەبێت و دەبنە سەروەری کۆمەڵگا.**

## چاودێری کوردۆساید

**Kurdocide Watch**
www.kurdocide.com
www.kurdocidewatch.net
kurdocide@hotmail.com

**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە 6-1-2002 دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی ناوەندی چاک کاری دەکرد،ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات.**

بؤ زانیاری زیاتر,ئه م بابه ته ی به ریز د.رفیق سابیر بخويننه وه له ئاوينه :

## پەرلەمانو پرۆژە قانونی داواکاری گشتی

رەفیق سابیر

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**

هەفتەی رابردوو پەرلەمانی کوردستان، لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (15)ی خولی سێیەمیدا، لەسەر داوای لیژنەی قانوونیی پەرلەمانو بەدەنگی کەمتر لەنیوەی ئەندامانی پەرلەمان (تەنیا 52 دەنگ) بڕیاریدا کە لێدوان لەبارەی پرۆژەی قانوونی داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستان رەت بکاتەوە.

ئەم بڕیارە بە پەلەیە بۆ ئێمە لەلیژنەی دەستپاکی (نەزاهەت)ی پەرلەمان جێگای سەرنج بوو، چونکە پێشتر بە نووسراوێکی رەسمی داوامان لەسەرۆکایەتیی پەرلەمان کردبوو کە لێدوان لەبارەی ئەم پرۆژە یاسایە بخاتە دانیشتنەکانی سەرەتای هەفتەی داهاتوو، بۆ ئەوەی ئێمەیش راپۆرتی خۆمان لەبارەیەوە بەتەواوی ئامادە بکەین.

ئێمە لەسەرەتای دانیشتنەکەدا هەستمان کرد کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەک پێویست پێشنیاری لیژنەکەمان بەگرنگ وەرناگرێت، بۆیە لەبەردەم ئەندامانداا باسی گرنگی پرۆژە قانوونەکەمان کردو پێشنیاری لیژنەی دەستپاکیمان دووبارە کردەوە. لەهەمان کاتدا روونمان کردەوە کە دەستەی داواکاری گشتی، لەدوو کۆبوونەوەی تایبەتدا لەگەڵ لیژنەکەمان باسی هەندیک گرفتی دەستەکەیانیان کردووەو داوادەکەن کە پەرلەمان بە یاسایەکی نوێ ئەو گرفتانەیان بۆ چارەسەر بکات. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەجۆرێکی بێلایەنانەو ئۆبجێکتیڤانە رەفتاری لەگەڵ پێشنیاری ئێمەو لیژنەی قانوونیدا نەکرد، بەڵکو لایەنگرانە پێشنیارەکەی لیژنەی قانوونی خستە دەنگدانەوە، کە پێدەچوو پێشتر زەمینەی سەرخستنی بۆ ئامادە کرابێت.

رەتکردنەروەی بە پەلەی ئەم پرۆژە قانوونە چەند راستییەک دەر دەخات:

یەکەم- لەکوردستاندا هێشتا (کە نە یاسا سەروەرە، نە دادگا سەربەخۆیەو نە هاووڵاتییان لەبەردەم یاسادا یەکسانن) هۆشیارییەکی قانوونی لەبارەی گرنگی دەزگای داواکاری گشتی دروست نەبووە، لەهەمان کاتدا ئیرادەیەکی سیاسی نییە بۆ ئەوەی دەزگایەکی سەربەخۆی لەم جۆرە پێک بهێندرێتو بەپێی قانوونێکی تایبەت کار بۆ سەرداربوونی یاساو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکاتو بتوانێت، وەک نوێنەری بەرژەوەندیو مافی گشتی، لەکاتی پێویستدا هەر هاووڵاتییەکی کوردستان، لەهەر پلەو پۆستێکدا بێت، بداتە دادگا.

دووەم- پەرلەمانی کوردستان تەنیا قانوونی گرنگو بەسوود بۆ کوردستان دەرناکات بەڵکو، ئەگەر بەرژەوەندیی حیزبایەتی بخوازێت، دەتوانێت بە زەبری هێزی زۆرایەتی، دەرچوونی ئەو جۆرە قانوونانەیش دوابخات کە زەمینە بۆ سەرداربوونی یاسا لە کوردستاندا خۆش دەکەن.

سێیەم- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ساڵی 1992 دانراوەو دواتر کەمێک هەموارکراوە، بە عەقڵییەتێکی نادیموکراتیانەو تەنانەت عەسکەرییانە داڕێژراوە، بۆیە لایەقی پەرلەمانێک نییە کە نوێنەرایەتیی خەڵک بکات. بەپێی ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە، زۆربەی دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆکی پەرلەماندا کۆ کراونەتەوە. بەڕێزی ئەگەر بیەوێت دەتوانێت وەک دیکتاتۆرێک رەفتار بکاتو مافی ئەندامانی پەرلەمان پێشێل بکاتو تەنانەت بەبێ هۆکار کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دوابخات. لەکاتێکدا لەسیستمی دیموکراتیدا ئەندام پەرلەمان سەنتەرەو سەرۆکی پەرلەمانیش ئەندامێکە، بەڵام کارو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەڕێوە دەبات. بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان پێش ئەوەی قانوونیتر بۆ وڵات دابنێت، چارەسەری ئەم گرفتە کوشندەیەی خۆی بکاتو بە پێی قانوونێکی نوێی دیموکراتییانە کارەکانی خۆی رێک بخاتەوە.

ئەم جارەیان پرۆژەی قانوونی داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستاندا رەت کرایەوە، بەڵام کارکردن بۆ سەرداربوونی قانوونو پاراستنی بەرژەوەندیو مافی گشتی، لەناو پەرلەمانو دەرەوەی پەرلەماندا، هەر بەردەوام دەبێت.

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**